# دروستکردنی قسەڵۆک بۆ ئافرەتی بوێر
# چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟

بۆچی زۆرجار بۆ کپکردنی دەنگی ئافرەت وشەی رەق و ناووناوتۆرەی ناشیرین بەکار دەهێنرێت؟ بۆچی تەنانەت دایکانیش بۆ بێدەنگکردنی کچی خۆیان بە «دەمدرێژی» تۆمەتباری دەکەن؟ ئایا «بێدەنگی» ئافرەت جوانتر دەکات؟ ئەی ئەگەر ئافرەت بێدەنگ بێت، کێ مافەکانی دەستەبەر دەکات؟ ئایا بێدەنگیی ئافرەت نابێتە هۆی ئەوەی زیاتر مافەکانی پێشێل بکرێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری هاوشێوە هەن کە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«دیل کارنگی» گەورە وتاربێژی جیهانی وتەیەکی بەنرخی هەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە هەردوو رەگەزەکەیەوە، بنەمایەکی سەرەکیشی داناوە بۆ ئەوەی لە کاتی گفتوگۆدا کاری پێ بکەین و لە یەکتر بگەین. یەکێك لەو بنەما گرنگانە ئەوەیە لەساتی گفتوگۆدا دەبێت خۆمان لەگۆشە تیژەکان بپارێزین و لەسەرەتادا قسەکانمان لەسەر ئەو خاڵانە بێ کە هاوڕاین تیایدا و هیچ کات دڵخۆش نەبین ئەگەر هاتوو لە گفتوگۆیەکدا شکستمان بە بەرامبەرەکەمان هێنا، چونکە لە بەرامبەر ئەو دڵخۆشیەی تۆدا کەسێکی دی دڵشکاو بووە و رەنگە لەسەر بۆچوونی یەکەمی خۆیشی مابێتەوە، بەمجۆرە گفتوگۆ و سەرکەوتنەکەمان هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، ئیتر ئەوە پەیوەندی بە رەگەزەوە نییە و ئافرەت و پیاو دەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە کەمتر دەرفەت بە ئافرەت دەدرێ کە بەشداریی گفتوگۆکانی تەنانەت ناو پیاوانی خزمی خۆیشی بکات.»

ئەوە دەستپێکی قسەکانی نەبەز ئەحمەد جۆڵا بوو. ئەو وەك کەسایەتییەکی سیاسی و هونەری بابەتەکە زیاتر شی دەکاتەوە و دەڵێت: «پێویستە چۆن بایەخ بە راوبۆچوونی خۆمان دەدەن، ئەوهاش راوبۆچوونی کەسی بەرامبەرمان بەلامانەوە گرنگ بێت و لە هەڵچوون و شکاندنەوەی یەکدی و جیاوازی رەگەزی دوور بکەوینەوە»، جەختی لەوەش کردەوە کە واباشترە مرۆڤ لە کاتی گفتوگۆدا ستایش و سوپاس و پێزانینی بۆ بەرامبەرەکەی لە بیرنەچێت، با هەندێك دەستبڵاو بێ، بە مەرجێك ئەو ستایش و پیاهەڵدانە نەچێتە سنووری ماستاو کردنەوە و هەندێك پێناسە نەدرێ بە بەرامبەرەکەت کە لە راستیدا بوونی نەبێ لە کەسایەتی ئەودا، گوتیشی: «نەك هەر خەڵکی سڤیل، بگرە لەسەر ئاستی رۆشنبیران و سیاسییەکانیشمان زمانی گفتوگۆ زمانێکی توندە و بە باشی نەمانتوانیوە رێز لە رای یەکتری بگرین، هۆکاری سەرەکیشی ئەوەیە لە رووی پەروەردەییەوە وانەیەکی وا گرنگ بۆ رێزگرتن لە رای یەکتری لە ناو خێزان و خوێندنگەکانیش بەدی ناکرێ».

نەبەز جۆڵا لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا ئەوەشی دووپات کردە کە گفتوگۆ و رادەربڕین هۆکاری راستەقینەی سەرکەوتن و رووخانی مرۆڤەکانە. گوتیشی: «بەداخەوە ناشارەزایی لە هونەری وتاربێژی و بایەخنەدان بە رای بەرامبەر لە نێوکۆمەڵگەی کوردیدا بەرامبەر بە رەگەزی مێ چەندبارە بووەتەوە، زۆر جار پیاوان لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو وشە توندانەی کە لەبەرامبەر پیاوێك لە خۆی باڵادەستر، یان زیرەکتر نەیتوانیوە بیانکات، هەمووی کۆدەکاتەوە و لە بەرامبەر ئافرەتێکدا خۆی دەتەقێنێتەوە بە روویدا و دواجاریش ئەم هەڵچوونە هەڵەیە دەبێتە هۆکاری لە یەك نەگەیشتن و پەرتەوازەبوونی خێزانەکان، بەداخەوە کچانی ئێمە وا پەروەردە دەکرێن، کە بێدەنگ بن و وەڵامی پیاو نەدەنەوە، ئەوەش وادەکات تەنانەت نەتوانن بەرگری لە کەمترین مافی خۆیان بکەن، ئەوەش ترسناکترین پەرچەکردار لای هەندێك لە ئافرەتان دروست دەکات بە وەی کە بە دوای کەسێکی دیکەدا بگەڕێ بۆ ئەوەی گوێ بۆ ئازارەکانی بگرێ، بەمجۆرەش واتا دروستبوونی کەسی سێهەم و ئەوەش بۆ خۆی کۆمەڵێك گرفتی ئاڵۆز دەهێنێتەئاراوە و رەنگە ئەو کات چارەسەرکردنی زۆر ئاسان نەبێت».

ئەندازیار شیلان بیانی کە بڕوانامەی ماستەری لە بەڕێوەبردن و کارگێڕی هەیە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆر بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا بیردۆزێکی سەقەت بووەتە کەلتووری کۆمەڵگەوە بەوەی کە گوایە ئافرەت بەوە جوانە بێدەنگ بێت، بەڵام زۆر بە راشکاوییەوە دەڵێم: ئەوە تەنها بۆ پشتگوێ خستنی ئافرەتە، باشە ئەگەر ئافرەت هەر بێدەنگ بێ، ئەی کێ مافە زەوتکراوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە؟ دەنگی هەق، بۆ دەبێت بۆ ئافرەتی ئێمە شەرمەزاری بێت؟ بۆ دەبێت کاتێك ئافرەتێك داوای مافێکی خۆی بکات، یان قسە لە سەر کارێك و بڕیارێك بکات، ناووناوتۆرەی ناشیرینی پێوە بلکێندرێت؟ زۆرجار بینراوە ئافرەتێك کە داوای مافی خۆی دەکات، یان لەسەر داواکارییەکانی سوور دەبێت، کەچی بە ناووناوتۆرەی ناپەسەند دەمکوتی دەکەن و بە زماندرێژی تۆمەتباری دەکەن».

خاتوو شیلان ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئافرەتانی ئێمە چەندەها ساڵە لەسەر هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان شانبەشانی پیاوان لە ئەرکە گرانەکانی ژیان و تەنانەت خەبات و قوربانیدانیشدا بەشدار بوون، جاری واش هەبووە جگە لە ئەرکی ماڵ و منداڵداری کار و قورسایی زیاتر کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت، ئیتر چۆن دەبێت رێگری لە رادەربڕینی ئافرەت بکرێت؟ با تێڕوانین و رەخنەکان لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە ئەو دەنگە دەنگی راست و هەقە، یاخود ناڕاست و هەڵەیە، نەك لە سەر ئەساسی ئەوەی ئەو دەنگە هی پیاوە، یان هی ئافرەت، واتا ئافرەت و پیاو هەردووکیان مرۆڤن و پێویستە بە چاوێکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن، نەك بە جیاکاری رەگەزی رێگری لە رادەربڕینی ئافرەت بکرێت. گوتیشی: «رێزگرتن لە یەکتری لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی یەکێکە لەپڕەنسیپە جوانەکان کە رێز و بەها بۆ مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە. گەر تەماشای وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بکەین، دەبینین ئافرەتانی ئەوان لە منداڵییەوە وا راهێنراون کە خاوەن را و ئیرادەی خۆیان بن، کۆمەڵگەش بە چاوی رێزەوە تەماشایان دەکات، بۆیە توانیویانە خۆیان لە وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی حکوومی نزیك بکەنەوە. ئەمڕۆ سەردەمی نوێبوونەوەی ژیان و گوێگرتنە لە زاری یەکتری، کاتی ئەوە هاتووە هەموو تاکەکان وەك یەك بژین و چیتر تەنیا لەسەر ئەوەی ئافرەتێك دەنگی بەرزدەکاتەوە و داوای مافی خۆی دەکات، سووکایەتی پێبکرێت، دەبا لەم مینبەرەوە داوای ئەوە بکەین: چیدی زوڵم لە هیچ ئافرەتێك نەکرێت، چونکە ئەو زوڵمە نە لە رووی ئایینی ئیسلامی پیرۆز و نە لە رووی مرۆڤایەتییەوە رێگەپێدراو نییە، با پێوەر بۆ دەنگ لە سەر بناغەی دادپەروەری بێت، نەك لە سەر خۆویستی و پیاوسالاری.»

چنور حەمە حوسێن بەرپرسی راگەیاندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە « ئەوەندەی کۆمەڵگە بەلایەوە گرنگە ئافرەت کۆت بکات، ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە هاوبەشییەك لەبەڕێوەبردنی ژیان دروست بکات، ئەمەش وایکردووە ئافرەت نەتوانێت داوای سادەترین و ئاساییترین مافە بنچینەییەکانی خۆی بکات» .گوتیشی: «کۆمەڵگەی پیاوسالار بە پاساوی ئەوەی ئافرەت بە بێدەنگییەوە جوانە، بەردەوام ئافرەتی دەمکوت کردووە، ئەوەش رەهەندێکی ئەو کۆمەڵگە کەلتووری و نەریتییانەیە کە زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، واتە پیاو ئافرەتێکی دروستکردووە کە تەنیا خەریکی کاری ناو ماڵە و داوای هیچ جۆرە مافێکی خۆی ناکات، تەنانەت ئەو مافانەی کە لە سەرەتای دروستبوونی ئادەمیزادەوە پێی بەخشراوە» .

هێشوو عەزیز دەرچووی بەشی فەلسەیە و ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەمیشە لە کۆمەڵگەی نەریتسالاری پیاوان دژی ئافرەتێك بوون کە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت، بەردەوامیش ویستوویانە ئافرەت پاشکۆی پیاوان بێت و رێگەیان بە ئافرەت نەداوە تەنانەت باسی خواستەکانی بکات، یان رای خۆی دەربڕێت».

**وەک ئافرەتێکی شاعیر ویستم بە ئازادی بنووسم، کەچی تووشی سەدان کێشەی جۆربەجۆر بووم و تەنانەت ناچار بووم ئەو شارە بەجێ بهێڵم کە لێی دەژیم**

**هەر کاتێک ئافرەتێک بیەوێ خاوەنی قسەی خۆی بێت، بە ناوناتۆرە دەمکوتی دەکەن، تاکە ڕێگەش بۆ ڕزگاربوون لەو نەریتە چەقبەستووە ئەوەیە کە جیاوازی ڕەگەزی بنبڕ بکرێت**

**گەورەترین گرفتی نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان لەوەدایە کە فکر و دەربڕینی رای ئافرەتان سنووردار کراوە**

گوتیشی: «جیاکردنەوەی ئافرەت لە پیاو لە رووی ماف و ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دوای سەرهەڵدانی پیاوسالاری هەتا هەنوکە پیادەی کردووە، ئەوەی کە دەیبینین بەرهەمی ئەمڕۆ، یان چەند ساڵێك نییە، بەڵکوو بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە کە هەمیشە کچیان بە بێدەنگی و بەستەزمانی وێنا کردووە و هەمووشمان ئەو پەندەمان بیستووە کە دەڵێت: (کچێکی شەرمن شارێك دەهێنێت)، ئەو نەریتە وایکردووە تەنانەت ئافرەتی خاوەن کەسایەتی بەهێز بە کەسێکی دەمدرێژ، یان دەمەوەر ناوزەد دەکەن، ئەوەش رەهەندێکی مێژوویی هەڵگرتووە و بەرهەمی دوای قۆناغی پیاوسالارییە. ئەگەر کەمێك وردبینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عەقڵییەتی پیاوسالاری ئەوەندە تەسك بووە، سووکایەتی بەو ژنە کردووە کە دەیەوێت بەرگری لە خۆی، یان داوای مافی خۆی بکات و بە کەسێکی دەمەوەر و بێ کەڵك و بێشەرم ناوی بردووە، بگرە سووکایەتی بەو پیاوانەش کردووە کە رێزی ژنەکانیان دەگرن و بە کەسێکی ژنانی ناوی بردووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سووکایەتی بە جەوهەری راستەقینەی مرۆڤەکانە و لە سەردەمێکدا کە بەسەردەمی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ ناسراوە، شتی وا قبووڵ ناکرێت».

هێشوو عەزیز وەك رێکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە ئاماژە بەوە دەکات کە «لە کوردستان بە هەزاران توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیمان هەیە، ئەمە بێجگە لە سەدان رێکخراوی ناحکوومی کە ئەرکیان وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە، پێویستە ئەوان و میدیاکان و حکومەت بە ئەرکی خۆیانی بزانن کە لانیکەم ئەوەندە تاکی کۆمەڵگە وشیار بکەنەوە کە بزانن کاتێك ئافرەت دەنگی هەڵبڕی و بەرگری لەخۆی کرد، ئەوە کەسێکی ئازاو بەجەرگە، نەك کەسێکی دەمدرێژ و دەمەوەر».

شاعیر و نووسەر شنۆ محەمەد، رایوایە «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەگەر ئافرەتێك بیەوێت ئازادانە قسە بکات، رووبەڕووی هەزار توانج و تانەی کۆمەڵگە دەبێتەوە»، گوتیشی: «گەورەترین گرفتی نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان لەوەدایە کە فکر و دەربڕینی رای ئافرەتان سنووردار کراوە و ژیانی تەنیا لەچەند لایەنێکی رووکەشدا کورت بۆتەوە، بۆیە هەر کاتێك ئافرەتێك بیەوێ خاوەنی قسەی خۆی بێت، بە ناوناتۆرە دەمکوتی دەکەن، تاکە رێگەش بۆ رزگاربوون لەو نەریتە چەقبەستووە ئەوەیە کە جیاوازی رەگەزی بنبڕ بکرێت».

شنۆ محەمەد باسی بەربەستەکانی بەردەم رادەربڕینی ئافرەتان دەکات و نموونەش بە خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت: «من خۆم وەك ئافرەتێکی شاعیر ویستم بە ئازادی بنووسم، کەچی تووشی سەدان کێشەی جۆربەجۆر بووم و تەنانەت ناچار بووم ئەو شارە بەجێ بهێڵم کە لێی دەژیم، ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کۆمەڵگە هەموو ئازادییەکانی بۆ ئێمە قەتیس کردووە و هیچ جۆرە رێگەیەکی بۆ ژن نەهێشتۆتەوە کە بتوانێت رایەکی ئازادی هەبێت و بتوانێت وەك هەموو مرۆڤەکان بژی و ئازادی رادەربڕینی هەبێت». گوتیشی: «تێنەگەیشتن لە چەمکی رێزگرتن و ئازادییەکانی تاك گەورەترین گرفتی کۆمەڵایەتییە کە رووبەڕووی تاکی کورد بۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەش ئەگەر ژنێك کەمێك بوێر بێت، ئەوا بە کەسێکی دەرچوو لە سنوور و یاخیبوو تەماشای دەکرێت و لە کۆمەڵگەش بە هەموو شێوازێك بەرەنگاری دەبنەوە و دژایەتی توندی دەکەن، تاکە چارەسەریش گەڕانەوەمانە بۆ تێگەیشتن لە کێشە و گیروگرفتەکانی یەکتری و گوێگرتن لە راز و گلەییەکان و بەهادانە بە پێوەرە مرۆڤایەتییەکان نەك پێوەری رەگەزی».



# خولەکانی راهێنان تاچەند ئافرەتانی رۆژنامەنووسی هانداوە کار بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی بکەن؟



ئەمەل باجەلان :

**پێویستە ئەو بەربەستانە نەهێڵدرێن کە دەبنە رێگر لەبەردەم خواست و ئیرادەی ئافرەت بۆ ئیسپاتکردنی وجوودی خۆی**

هاوژین عومەر:

**خولی پێگەیاندن کادیری پرۆفێشناڵی پێویستە ئەگەرنا بێناوەڕۆک دەبێ و دەچنە خانەی سازدانی خول لە پێناو خول، نەک سوودبەخشین و پەرەپێدانی توانا پیشەییەکان**

لانە ئامانج:

**هاندان و پێگەیاندنی ئافرەتی رۆژنامەنووس دەبێت گرنگی زیاتری پێبدرێت**

**بەپێی چەند لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی بیانی دەرکەوتووە، رۆژنامەنووسانی کورد توانا و بەهرەیان زۆرەو بەکارامەیی کێشەکان دەخەنە بەر باس، چەندین خولی راهێنانی رۆژنامەوانیش لەلایەن بیانییەکانەوە لە هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، بەڵام ئافرەتانی رۆژنامەنووس تاچەند سوودیان لەو خولانە بینیوەو خولەکانی راهێنان تا چەند خزمەتی بە بواری دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان کردووە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارەی گوڵان دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



## پێویستە بەربەستەکان نەهێڵدرێن

ڕۆژنامەنووس ئەمەل باجەلان سکرتێری لقی خانەقینی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، رایوایە بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو خولانەی کە تایبەتن بە ڕۆژنامەنووسی ئافرەت «شتی دووبارەن و پێویستە لەو ڕووەوە هەوڵی جددیتر هەبێت، چونکە «ئافرەتی ڕۆژنامەنووس ئەوەندەی پێویستی بە پاڵپشتییەکی جددی هەیە لە بواری ئیشکردندا ئەوەندە پێویستی بە خول و موحازەرات نییە»، گوتیشی: «ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتی ڕۆژنامەنووس بەتایبەتی پێویستیان بەوەیە ئەو بەربەستانە نەهێڵدرێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم خواست و داخوازییەکانیان و ئیرادەی ئیسپاتکردنی وجوودی خۆیان لە هەمووبوارەکان بە ڕۆژنامەنووسیشەوە، بۆیە دەبێت کۆمەڵگە هەلی زۆرتریان پێبدات.

## خول و وۆرکشۆپەکانی ڕاهێنان گرنگ و پێویستن

هاوژین عومەر ماستەر لە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، هێما بۆ ئەوە دەکات کە خول و وۆرکشۆپەکان گەر بەشێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێك بۆ هەر چین و توێژ و رەگەزێك ڕێکبخرێن، سوودی زۆری دەبێت، نەخاسمە گەر هاتوو بۆ پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی میدیاکاران و تایبەتتر میدیاکارە ژنەکان بێ، سازدانی ئەم جۆرە خول و وۆرکشۆپانە یەکجار گرنگ و پێویستن بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد. گوتیشی «بەبڕوای من بواری میدیا لە هەر بوارێکی تر زیاتر پێویستی بە خولی ڕاهێنان و پەرەپێدانە، چونکە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەك حەز و ئارەزوو، یان لە دنیای ئەدەبەوە هاتوونەتە نێو دنیای ڕۆژنامەگەری و زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی وردەکارییەکانی کاری میدیایی و ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی وەك هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و بەدواداچوون و دیمانە و نووسینی ڕۆژنامەوانی بە شێوە زانستییەکەی نییە، یان بێئاگان لە تەکنیکە نوێیەکانی نووسین و دیزاین و شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەو...تاد. لەلایەکی دیکەوە واباشە وۆرکشۆپەکان کار لەسەر پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسان بکەن، بەتایبەت لەو مەسەلانەی پەیوەندیدارن بە ماف و ئەرکەکانی میدیاکار کە وابەستەی ڕاستەخۆی بە مەسەلەی ئەخلاقییاتی کاری میدیایی و یاساکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە». هاوژین سەرباری بە گرنگ زانینی ئەو خولانە، پرسیاری ئالیەتی بەڕێوەچوونیان دەکات و دەڵێت: «کێن ئەوانەی موحازەرە و بابەتەکان پێشکەش دەکەن؟ ئایا ڕادەی تەفاعول و تێکەڵبوونی ڕۆژنامەنووسانی بەشدار چۆنە؟ وەڵامی دروستی ئەو سێ پرسیارە لەلایەن ڕێکخەر و بەشداربووانی وۆرکشۆپ و خولەکان گەرەنتی سوودبەخشین و پێگەیاندنی کادیری ڕۆژنامەنووسی پڕۆفێشناڵن، ئەگەرنا ناوی بێناوەڕۆکن و دەچنە خانەی سازدانی خول لە پێناو خول نەك سوودبەخشین و پەرەپێدانی توانا پیشەییەکان».

## لێکۆڵینەوەیەك ئاستی ڕۆژنامەنووسانی کورد بەرز دەنرخێنێ

ڕاگەیاندنکار چیا عەبدوڵڵا، سەبارەت بە تەوەری ڕاپۆرتەکە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی کە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، دەرکەوتووە کە ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕێژەی زیرەکییان لە ئاستێکی بەرزدایە لەکاتی باسکردن و وێناکردنی کێشەکان و خستنەڕووی تێکڕای لایەنەکان، بەڵام جەختی لەوەش کردەوە کە «چارەسەر لە کارەکاندا بەدی نەکراوە و چارەسەر لەبیرکردنەوەکاندا نەبۆتە بەشێك لە ئایدیا»، گوتیشی: «کاتێك بەشداری لە خولەکان دەکەین بە کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووسی جیاواز و کۆمەڵێ بیروبۆچوونی جیاواز ئاشنا دەبین، تاوەکو ئێمەی ڕۆژنامەنووس بتوانین چۆن کار لەسەر چارەسەرییەکان بکەین و ببینە ئەو تروسکاییەی خۆشبەختی بۆ خێزانەکان بگەڕێنینەوە، ئەوکاتە کۆمەڵگەکەمان لە خوە نەخوازراوەکان دووردەکەوێتەوە و بەرەو ئەو چەمکانە دەچێت کە بەختەوەری بۆ کۆمەڵگە دەهێنێت. بەشداریکردنیشم لە خول و وۆرك شۆپەکان بۆ من مایەی سوودبینین بووە، کە هەوڵ بۆ باشترکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری دەدەن، ڕاگەیاندنیش ئاستێکی بەرزی لە هەموو جیهان بەدەستهێناوە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە بینەر و بیسەر و خوێنەرە».

## پێویستە هاندان و پێگەیاندنی ئافرەتی ڕۆژنامەنووس گرنگی زیاتری پێبدرێ



ڕۆژنامەنووس و شاعیری گەنج لانە ئامانج، دەڵێت: «بەوپێیەی من ڕۆژنامەنووسێکی ئەکادیمی نیم واتا دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندن نیم و تەنیا حەز و ئارەزوو منی هێناوەتە ناو ئەو بوارە، شارەزاییم لە بوای کاری ڕۆژنامەوانی بە شێوە یەکی پڕۆفیشناڵ لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە کردنەوەی خول و ڕاهێنان و وۆرکشۆپ بۆ ڕۆژنامەنووسان و بەتایبەتی ئافرەتی ڕاگەیاندنکار کارێکی یەکجار پێویستە، بە مەرجێ ئەو خولانە ببنە سەرچاوەی پێدانی زانیاری سوودبەخش بەشێوە زانستییەکەی نەك شێوە تەقلیدییەکەی، کە بەداخەوە بەشێك لەو خول و وۆرکشۆپانەی لەکوردستان بەڕێوەدەچن لەچوارچێوەیەکی بەرتەسك دەخولێنەوە و هەوڵنادەن ئەتەکێتی کاری ڕۆژنامەگەری بەشێوە تازەگەرییەکەی بە ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکاران ئاشنابکەن». لانە بە پێویستی دەزانێت بەتایبەتی هاندان و پێگەیاندنی ئافرەتی ڕۆژنامەنووس گرنگی زیاتری پێبدرێت. گوتیشی: «ماوەیەك پێش ئێستا لە خولێکی سێ ڕۆژە بەشداریم کرد، بەڵام بەشداریکردنەکەم نەبووە هۆی زیادکردنی زانیاریم لەسەر وردەکارییەکانی ئەو بوارە، تەنیا کات کوشتن و دەرچوون بوو لە بابەتی سەرەکی خولەکە، بۆیە پێویستە کەسانی بەئەزموون و شارەزا لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەو خولانە بگێڕن».

چیا عەبدوڵڵا:

**ڕۆژنامەنووسی کارامەمان زۆرن، بەڵام دۆزینەوەی چارەسەر لەبیرکردنەوەو کارەکانماندا نەبۆتە بەشێک لە ئایدیای ئێمە**